

# خشڵ و زێڕی ئافرەتـــــانیش بوون بە هۆشمەند




لەمەولا ئەو ملوانكەیەی كە لە ملی خانمان دەیبینی، یان ئەنگوستیلە زێڕەی كە لە پەنجەی دەكات هەر ئەوە نییە بۆ جوانی و سەرنج ڕاكێشان بێت.. بەڵكو هۆشمەند و زیرەكن بۆ تەندروستی بە سوودن. كۆمپانیای misfit دەسبەند و ملوانكەی هۆشمەندی جۆری helenaی بەرهەم هێناوە، ملوانكە و دەستبەندەكان لە زێڕ دروست كراون، بەڵام لەناویاندا سیسنۆر واتە هەستەوەرێك هەیە كە چالاكی ڕۆژانە، ڕێژەی كالۆری ، مەودای ڕێگای ڕۆیشتن و لێكدانەوەی كاتەكانی خەوتن نیشان دەدات.. هەستەوەرەكە دەردێت و لەكاتی وەرزش كردندا بە جلوبەرگی وەرزشی هەڵدەواسرێت. دیارە سینسۆرەكە پێویستی بە شەحنكردنەوە نییە و باترییەكەشی تەواو نابێت..

# داهاتوو بۆ ئۆتۆمبیلە ژینگە پارێزەكانە

هەرچەندە بازاڕی كۆمپانیا گەورەكانی بەرهەمهێنی ئۆتۆمبیل هەروا گەرمە، بەڵام پێدەچێت داهاتوو هی ئەو ئۆتۆمبیلانە بێت كە بە وەزەی خۆر كار دەكەن، هەر لە ئێستاوەش ئاماژەكان دیارن چونكە لەگەڵ زۆربەی ئەو هەموو ئۆتۆمبیلەدا بازاڕی نەوت و پترۆڵ دابەزیوە! خۆر وزەیەكە كە قەد لە بڕان نایەت، ئەمەش وای كردووە كە زاناكانی بواری بەرهەمهێنی ئۆتۆمبیل چالاكییەكانی لە بواری بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی ژینگە پارێزدا چڕ بكەنەوە.

ئۆتۆمبیلی جۆری The immortus دیزاینەكەشی تەواو وەك ئۆتۆمبیلێكی ئاسایی دەچێت، هەرچەندە ئەو ئۆتۆمبیلانەی كە بە وزەی خۆر كار دەكەن ستایلەكەیان بەم شێوەیە نییە. ئۆتۆمبیلەكە هەموو سەقف و پشتەوەی لەو پەنێڵانە پێكهاتووە كە وزەی خۆر وەردەگرن.. ئۆتۆمبیلەكە ڕاستە بۆ كاركردنەكەی لە سووتەمەنی وەك بەنزین و گاز سوود وەرناگرێت، بەڵام تێچووی كڕینەكەی ئەوەندە زۆرە كە بە خواپێدەكاوەكان نەبێت ناكڕدرێت..



# تۆمارکردنی ساتە گرنگەکان لەکاتی شۆفێریدا



ئەوکاتەی کە خەریکی ئۆتۆمبێل لێدەخوڕی، لەناکاو دەبینی ئۆتۆمبیلی پێش تۆ خۆ بە شتێك دادەدا، یان ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش دەبینی کە تەنیا ساتێکە و دەڕوات، یان لە شوێنێك گەشت دەکەی گیاندارێك بە پەناتدا ڕادەبڕێ.. یان دیمەنێکی خۆش یان ڕووداوێکی ناخۆش دەبینی، ناتوانی ئۆتۆمبیلەکەت ڕابگری و دەست بکەی بە وێنەگرتن چونکە دیمەنەکە تەنیا ساتێکە و دەڕوات..بەڵام بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت.. ئامێری Wayens کە لەراستیدا کامێرایەکی بەهێزی فیلم هەڵگرتنەوەیە و لە پشتەوەشی شاشەیە، بەهۆیەوە دەتوانی لەکاتی ڕۆیشتندا فیلم هەڵبگریەوە. جگە لەوەش شاشەکە ئەرکێکی دیکەش ئەنجام دەدات و لەگەڵ سیستەمی ئۆتۆمبیل پەیوەند دەدرێت و زانیارییەکانی وەك خێرایی، سووڕانی مەکینە و ڕێژەی بەنزین نیشان دەدات.




# ماوسی سەرنج ڕاکێشی کۆگار

ماوس کە وەك شاکلیلی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت و بەبێ ماوس بەراستی سوودێکی ئەوتۆ لە کۆمپیوتەر نابیندرێت.. ماوسەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا ستایل و دیزاینیان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەتایبەتی ئەو ماوسانەی کە بۆ گەیم کردنن، کۆمپانیای کۆگار (cougar) لەم دواییەدا ماوسی جۆری ٧٠٠M esportsی بەرهەم هێناوە، کە سەرەڕای ئەوەی دیزاینەکەی سەرنج ڕاکێشە، تایبەتمەندییەکانیشی گرنگن. یەکجار خێراییە، بە جۆرێك کە وڵامدانەوەی بە فەرمانەکان لە یەك میلی چرکەدایە. ماوسەکە لە ئەلەمینیۆم دروستکراوە، کێشەکەی تەنیا ١١٠ گرامە. هەشت دوگمەی هەیە. جگە لە کارایی و خێرایی ئەرکەکانیش ئاسان دەکەنەوە.. بۆ ڕێکخستنی دوگمەکان پرۆگرامێکی تایبەتیش لەگەڵ ماوسەکەدا هەیە.


# مۆبایلەکەت بکە بە سکاینەر

سکاینەر بۆ گۆڕینی داتاکان لەکاغەزەوە بۆ دیجیتالی زۆر گرنگە، بەڵام زۆربەی سکاینەرەکان لانی کەم قەبارەیان بەقەد کاغەزێکی ئاسایی دەبێت و بۆ هەڵگرتن نابن. دوای ئەوەی مۆبایلە هۆشمەندەکان گشتگیر بوون گەلێك پرۆگرام بەرهەم هاتن کە ئەرکی ڕۆژانەیان پێ ئەنجام دەدرێت، یەکێك لە پرۆگرامەکان کە شوێنی سکاینەری گرتۆتەوە Tiny scan pro یە، بەهۆیەوە دەتوانیت لە مۆبایلەکەت وەك سکاینەر سوود وەربگری. بەهۆی ئەو ئەپلکەیشنەوە دەتوانی وێنە، دۆکیۆمێنت و دەق بە کوالیتی زۆر باش سکان بکەی. سکان کردنی فایلەکان لە ڕێگای کامێرای مۆبایل یا تەبلێت ئەنجام دەدرێت. دەتوانیت هەر ئەوکاتیش بە فۆرماتی PDF خەزنی بکەی. مۆبایلەکە بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن، ناسینی ئۆتۆماتیکی قەراخ لاپەرە و شوێنە خاڵییەکان. پێنج شوێن بۆ ڕێکخستنی باشتر سکان کردنی دەقەکان. بەدواداگەڕان لەناو دەقە سکانکراوەکاندا....تاد.



# کۆمپیوتەرێک تەنیا بە ٥ دۆلار!

رەنگە رۆژێك بە خەیاڵتان دا نەهاتبێت کە کۆمپیوتەرێکی بچووکت هەبێت بەقەد کارتێکی ریکلام وبازرگانی.. کۆمپیوتەرێك کە بتوانی بەهۆیەوە گەلێك ئەرك و کارەکانت ئەنجام بدەی. هەرچەندە مۆبایل دەتوانی زۆر لەو ئەرکانە ئەنجام بدات کە بە کۆمپیوتەر ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەگەر ویستت لەوانە سوود وەرنەگری، ئەوە کۆمپیوتەری جۆری Raspberry pi zero بەکار بێنە، ئەم کۆمپیوتەرە بچووکە رامەکەی ٥١٢ میگابایتە. شوێنی دانانی کارتی میمۆری، شوێنی دانانی کێبڵی mini HDMI هەیە. هەروەها کوالیتی نیشاندانی ١٠٨٠pیە. کۆمپیوتەرەکە سایزەکەی تەنیا ٣ (سم)ە. لەهەمووی سەرنج راکێشتر ئەوەیە کە نرخەکەی تەنیا ٥ دۆلارە!! گۆڤارێکی بەریتانی بەنیازە لەگەڵ کڕینی هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکە کۆمپیوتەرە بچووکەکەش بە دیاری ببەخشێتە خوێنەرانی خۆی..








# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێك دەپرسێت لە دەقێکی نووسراوی لاتیندا چۆن دەتوانم پیتە کاپیتاڵەکان بگۆڕم بە پیتی سمۆڵ و پێچەوانەش؟


خوێنەری بەڕێز ئەم کردارە بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێت، لە WORD2007 بۆ سەرەوە دەتوانی هەر لە شریتی HOME دا ئایکۆنێك کە هێمای بە پیتی سمۆڵ و کاپیتاڵە بدۆزیەوە لەودا کۆمەڵێك فەرمانت دەداتێ، یان دەتوانی بە ئاسانی بە داگرتنی دوو دوگمەی SHIFT+F3 دەقەکە بگۆڕی. ئەگەر لە دەقێکدا تەنیا نیازت هەیە چەند دێڕێك بگۆڕدرێت ئەوە هەر ئەو چەند دێڕە دەستنیشان بکە..



# پرۆگرامێک بۆ نەهێشتنی پرۆگرامی سیخوڕی

پرۆگرامە سیخوڕییەکان زۆر لە ڤایرۆس و ترۆجانەکان مەترسیدارترن، چونکە ڤایرۆسەکان تەنیا کێشە بۆ کۆمپیوتەر و داتاکانت دروست دەکەن، بەڵام پرۆگرامە سیخوڕییەکان لەلایەن سیخوڕە ئەلکترۆنییەکان داتا و زانیارییەکان دەدزن و زیانی مادی و مەعنەوی بە خاوەنی کۆمپیوتەرە دزە بۆکراوەکە دەگەیەنن.. پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە تایبەتن بە دەستنیشانکردن و سڕینەوەی پرۆگرامی سیخوڕی. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی super anti spywareە. پرۆگرامەکە هەروەك لەناوەکەی را دیارە بۆ لەناوبردنی پرۆگرامە سیخوڕییەکانە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

چاودێری بەردەوامی سیستەم و فایلەکان.
- توانای خستنەژێر چاودێری فایلە داونلۆدکراوەکان.
- بەرگری کردن لە دابەزینی پرۆگرامی سیخوڕی.



## یۆگایەکی دیکە لە جیهانی تەبلێتدا

کۆمپانیای لینۆڤۆ زنجیرە لاپتۆپ-تەبلێتێکی بەرهەم هێناوە کە بە «یۆگا» ناسراون. تایبەتمەندییەکانیان ئەوەیە کە «هێربیِد»ین واتە لەیەك کاتدا هەم دەکرێت وەك لاپتۆپ و هەم وەك تەبلێت سوودیان لێوەربگیردرێت و جگە لەوەش کێشیان زۆر کەمە. نوێترین بەرهەمی زنجیرەی یۆگا لاپتۆپ- تەبلێتێکە کە بە P٤٠ ناسراوە و کێشەکەی ١,٨ کیلۆگرامە و شاشەکەی ١٣,٣ ئینجە و تەواو لەمسییە و جگەلەوەش قەڵەمی تایبەتیشی لەگەڵدایە. شاشەکەی ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسوورێت و نۆتی بووکەکە دەکات بە لاپتۆپێکی ویندۆزی. پرۆسیسەری جۆری i7ای لەگەڵدایە و کارتی گرافیکی بەهێزی ئەنۆڤیدیای هەیە و رامەکەی ١٦ گیگابایتە و هاردەکەی ٥١٢ گیگایە.





## سایتێک بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە بیرکارییەکان

وردە وردە وەرزی یەکەمی تاقیکارییەکان دەست پێدەکات، یەکێك لە وانە دژوارەکان کە قوتابی و خوێندکاران لێیدەترسن، وانەی بیرکارییە، ساڵانەی زۆربەی کەوتووەکانیش لەو وانەیەن.. پرۆگرام وسایتی تایبەت هەن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە دوژوارەکانی بیرکاری.. یەکێك لەو سایتانە سایتی MATHWAY.COMە. لەم سایتەدا ئەوەی مەبەستە لەبارەی بیرکاری وەك، ئەنتیگراڵ، جەبر، سینوس...تاد، کێشە ئەستەمەکان بە ئاسانی وەڵام دەدرێنەوە، چۆنیتی حەلکردنەوەکەش هەنگاو بە هەنگاوە بۆ ئەوەی فێرخوازان بەباشی تێبگەن..





## سپۆنسەر لە فرۆکەخانەکان یارمەتیتان دەدات

پێدەچێت لە زۆربەی ئەرکەکاندا لەداهاتوو شوێنی مرۆڤەکان دەگرێتەوە، فرۆکەخانەی (ئەمستردام)ی هۆڵەندا، رۆبۆتێکی بەناوی سپۆنسەر داناوە کە جگە لەوەی بەخێرهاتنی گەشتیاران دەکات، یارمەتی و رێنمایشان دەکات.

رۆبۆتەکە گشت کەلێن و قوژبنەکانی فرۆکەخانەکە شارەزایە و لەبابەت گرفت و کێشەکانی گەشتیاران رێنوێنیان دەکات کە کەلوپەلەکانیان لە کوێیە ئەگەر ون بوون هاوکاریان بکات و بیریان بخاتەوە کە کاتی فڕینیان چ کاتێکە. سپۆنسەر بەجۆرێك راهێنراوە کە بتوانی وەك مرۆڤ هەڵسوکەوت بکات، خۆیان لەگەڵ بگونجێنێ. بۆ نموونە هیچ کاتێك بە شوێنە قەرەباڵغەکاندا تێناپەڕێ.